

# دڵدار
# شاعیری شیعری ڕۆمانسی و ڕیالیزمی

کەریم شارەزا

### پێشەکی

دڵدار شاعیرێکی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازی کورد بوو، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە بەهرەی شاعیریی هێنایە نێو مەیدانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و بەپێی سەردەمەکەی دەورێکی دیارو بەرچاوی لە بەرەوپێش بردنی شیعری نەتەوەکەی خۆی بینی و هۆنراوەی ڕۆمانسی بە تەواوی لە شیعری کوردیدا بەرجەستەکرد، بەتایبەتی لە دوو هۆنراوەکەی (گوڵی سوور) و (خەندەکەی بایی)دا و هۆنراوەی ڕیالیستی ڕەخنەگریشی خستە قاڵبی شیعری چینایەتی و لە ژیانی کـــــوڵ و بێنەوایان بە وردی دوا، کـــە لە ڕووی چۆنییەتییەوە لە ئاستێکی باشدا بوون و سەرنجی ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی پێ ڕاکێشان و بەشاعیرێکی بەهرەداری داهێنەر لە قەڵەم درا.

ئەوەتا هۆنراوەکانی (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) و (منداڵی هیوا) و (ئەی ڕەقیب) بوونەتە نموونەی شیعری بەرزی کوردی و تا میللەتی هوشیاری کورد مابێ لە یاد ناچنەوە و بە نەمریی لە دڵ و ویژدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەمێننەوە. خۆ هۆنراوەکەی (ئەی ڕەقیب) لەسەردەمی حوکمڕانی (کۆماری دیموکراتیی مەهاباد)ەوە، بووەتە سروودی مارسلیزی کورد و شەو و ڕۆژ بەسەر زاری گەنج و پیری نەتەوەکەمانەوەیە و ئاهەنگی بۆنە نیشتمانییەکانی کوردستانی پێدەکرێتەوە و هەست و سۆز و ورە بەرزییەکی تەواو بە نەوەی نوێی گەلەکەمان دەبەخشێ و بەرەو مەیدانی خەباتیان ڕادەکێشێ.

بە کورتی دڵدار شاعیرێکی نوێکاری پێشکەوتنخوازی وابووە، پێویست دەکات ئاوڕێکی جیددی لە هەڵوێست و شاعیرییەتی بدرێتەوە و هۆنراوەکانی بەپێی قۆناغی ژیانی شاعیر مافی ڕەوای خۆیان لە ڕووی هونەرییەوە پێبدرێ، تاکو بزانرێ شاعیرمان چ داهێنانێکی تازەی لە بنیادی شیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە؟ تا چ ڕادەیەکیش لەو پرۆسەیەیدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؟

جارێ پێش ئەوەی بکەوینە سەر هەڵسەنگاندنی هۆنراوەکانی با بزانین دڵدار کێ بووە؟ لە چ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژیاوە و چ دەورێکی سیاسی لە بزووتنەوەی نیشتمانی و کوردایەتیدا بووە؟

### دڵداری مرۆڤی ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر

دڵدار نازناوی شاعیری نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازی کورد یوونس کوڕی مەلا ڕەئووفی کوڕی مەحموود ئەفەندی خادیم سوجادەیە، بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە چەند مانگێک، لە (٢٠/٢/١٩١٨)دا لە شاری کۆیە، شاری ئەدەب و



هونەر چاوی ژیانی هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە ڕانیە و کۆیەدا تەواو کردووە و لە ساڵی (١٩٣٥)دا چووەتە قوتابخانەی ناوەندیی هەولێر و لە ساڵی (١٩٣٨)دا ئەو قۆناغەیشی بڕیوە و چووەتە کەرکووک پۆلەکانی ئامادەیی لەو شارەی کوردستان لەساڵی (١٩٤٠)دا تەواو کردووە و چووەتە بەغداو لەکۆلێجی حقووق وەرگیراوە و لە (١٩٤٥)دا خوێندنی یاسای تەواو کردووە و بووەتە پارێزەرێکی یاساناس و دوای سێ ساڵ کارکردنی لەپیشەی پارێزەری لە ئێوارەی (١١/١١/١٩٤٨)دا لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا لە شاری هەولێر جوانە مەرگ بووە و لە گۆڕستانی گەورەی ئەم شارە دێرینە نێژراوە.«١»

دڵدار مرۆڤێکی کورد پەروەری بە جەرگ بوو، جارێ هەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوو لە ساڵی (١٩٣٧)دا لەگەڵ دەستەیەک لە قوتابیان و لاوانی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و خانەقین کۆمەڵێکی سیاسییان بەناوی (کۆمەڵی دارکەر) دامەزراند، بە نیازی ڕزگارکردنی کوردستان لەژێردەستی و بۆ ساڵی (١٩٣٩) ناوەکەیان گۆڕی بە (حزبی هیوا) بەسەرۆکایەتی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)، دڵداری تێکۆشەریش بە سکرتێری حزبەکە هەڵبژێردرا و ئەم حزبە دەورێکی زۆری هەبوو لە هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزانی ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا و پشتگیری کردنی هیوا، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٤)دا وردە وردە دەوری سیاسی ئەو حزبە کزبوو تاکو هەڵوەشایەوە و لە دوای (هیوا)ش دڵدار بووە نیشتمانپەروەرێکی چەپڕەو، بەڵام نەچووە پاڵ هیچ حزبێکی سیاسی تر.

ژیانی دڵدار لە بەغدا و لەکۆلێجی حقووق و بەخوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی و سیاسی ئاسۆی بیر و لێکدانەوەی فراوانتر بوو و زنجیرەیەک لە وتاری ئەدەبی و کۆمەلایەتی و هونەری لەسەر ڕووپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا بلاو کردەوە لەگەڵ هەندێک لە هۆنراوە تازەکانی و خۆی بە خوێندەواری کورد بە تەواوی ناساند.

ژیانی دڵداری شاعیری ڕووناکبیر هەردەم لە بزووتنەوە و جموجۆڵدا بووە، ئەوەی بە وردی یادداشتەکەی بخوێنێتەوە«٢»، ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێ کە دڵدار ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە (هەر کتێبێکی خوێندبێتەوە هوشیارانە ڕەخنەی لێگرتووە، ئەمە بە ئاشکرا لەو سەردەمەیدا دەردەکەوێ کە خووی دابووە فەلسەفەی مەزهەبی (بەهائی) و خۆی پێوە خەریک کردبوو«٣».) هەندێ جاران مەدحی کردووە و لە هەندێ ڕووەوەش ڕەخنەی لێگرتووە.

ئەوەی شیاوی گوتنە دڵدار لە سەردەمی پارێزەریدا هەموو هەڵوێستێکی لەگەڵ بەرژەوەندیی هەژار و چەوساوەکانی میللەتەکەی بووە و خاوەنی بیروباوەڕێکی سوسیالیستی بووە و بە زۆری دەعوای جووتیارەکانی دەگرت و بەبێ پاداشت پارێزەری بۆ دەکردن و لەسەر ئەم هەڵوێستەی، دەرەبەگە خاوەن مولکەکان چەند جار ویستیان تیرۆری بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن.

### دڵداری شاعیر

دڵدار شاعیری قۆناغی گواستنەوە بوو، لەناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابوردوو تاکو ساڵی (١٩٤٠) شاعیرێکی کلاسیکی بوو، لە ڕیزی شاعیرانی وەک (صافی) و (عەونی) و (مەیلی) بوو. هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیکی لە هۆنراوەکانی بەراییدا بەکارهێناوە و با سەرنجێک بدەینە هۆنراوەیەکی بەناوی (نائومێدی) هەست دەکەین هەمان ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی تێدا بەدی دەکرێ، هەروەک لە سەرەتاکەیدا هاتووە:

**زەدەی تیری نیگاهی فیتنە پەردازی نیگارێکم**
**گراوی داوی زوڵفی مشکباری گوڵعوزارێکم**
**لە دەشتی نائومێدیدا بەدەم بایی قەدەر هەروەک**
**پەلاشێ وام کە هەر ساتە لە گۆشە یا کەنارێکم!«٤»**

ئەم نموونانەی شیعری دڵدار کتومت نموونەی شیعری کلاسیکین، چ لە بارەی بابەت و ناوەڕۆک و چ لە بارەی داڕشتن و ڕوخسارەوە و چ لەبارەی سۆز و ئاواز و چ لە بارەی کێش و سەرواوە و چ لە بارەی خەیاڵ و وشەی زلەوە بەر کلاسیک دەکەون.«٥»

### دڵدار و شیعری ڕۆمانسی

دڵداری شاعیری نیشتمانپەروەر لە قۆناغێکی گەلێک ئاڵۆز و پڕ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵی کورددا ژیاوە، ئەو ئاڵۆزییە لەناو بەرهەمەکەی ڕەنگی داوەتەوە. خەبات و زۆرانبازییەکی توند لە نێوانی قوتابخانەی کلاسیکی و بزووتنەوەی شیعری ڕۆمانسیدا هەبووە، دڵداری ڕۆشنبیریشمان کەوتە ناو ئاو و هەوای ڕۆشنبیریی تازەوە و لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوەوە مێشکی خۆی بەزانستی

نوێ ئاودا و بوو بە ڕووناکبیرێکی تێگەیشتوو و لەبارەی هەڵوێستی سیاسیشی لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ مەسەلەی کورد بووە کادیرێکی گەورەی (کۆمەڵی دارکەر) و سکرتێری (حزبی هیوا) و بەپێی ئەو گۆڕانە سیاسییەی هەڵوێستی، هەڵوێستی شیعریشی گۆڕاو ڕێبازی کلاسیکی بەردا و پێی نایە ڕێبازی ڕۆمانسیەت و زۆری پێ نەچوو نەک هەربووە شاعیرێکی ئەو ڕێبازە تازەیە، بەڵکو بگرە بووە یەکێک لە چەسپێنەرانی.«٦» هەندێ لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی نوێی کوردیشمان لەو ڕایەدان کە شیعری تازەی کوردی (ڕۆمانسی) لە (گۆران)ەوە دەستپێدەکات، جا ئەگەر (هەردی) هاوڕێی دەستەڕاستی بێ، ئەوا دڵدار هاوڕێی دەستەچەپی بووە.«٧»

### چەند هۆنراوەیەکی ڕۆمانسی دڵدار لەبەر تیشکی هەڵسەنگاندندا

دڵدار گەلێک نموونەی شیعری ڕۆمانسی هەیە، دیارترینیان هۆنراوەکانی (منداڵی هیوا) و (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور)ن و لێرەدا کەمێک تیشکی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیان دەخەینە سەر.

**١- منداڵی هیوا**

نموونەیەکی گەش و گوڵی هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی دڵدارە، سۆزێکی پڕ جۆشی کوردایەتییە و بەرهەمی ئەندێشەیەکی قووڵی خوێن گەرمی شەیدای خاکی کوردستان و خۆشەویستی نەتەوەی کوردە و لەو جۆرە هۆنراوە ڕۆمانسییانەیە کە دوارۆژێکی ڕووناک بۆ نەتەوەکەی دەستنیشان دەکات، بەپێچەوانەی ئەو جۆرە ڕۆمانسییانەی کە نائومێدی و ڕەشبینی بۆ پاشەڕۆژی گەلی کورد و ئادەمیزاد چاوەڕوان دەکات و لە بارەی کێش و مۆسیقای دێڕە شیعرەکانیشیەوە پشتی بە کێشی عەرووز بەستووە و بابزانین چۆنی دارشتووە؟

**منداڵی هیوا کوولەکەی دڵان**
**تازە خونچەکەی نێو باخی گوڵان**
**هەرچەندە سەیری نێو چاوت دەکەم**
**نابینم گەردێ نە زۆر و نە کەم**
**تیشکی ئومێدی سەر دڵی تاری**
**لە ئاسمانی ڕووت ئەدا دیاری**
**خەندەی بێ فێڵی لێوە ئاڵەکەت**
**نەشئەی دووچاوی مەست و کاڵەکەت**
**بێ شک پێشەنگی مژدەی دڵشادین**
**یا نەغمە خوانی باخی ئازادین**



**هیوام بە تۆیە ئەی تازە مناڵ**
**بەیانی ببیە نموونەی میساڵ!**

هەرچەندە هۆنراوەکە هەندێ سیمای شیعری ریالیزمیشی بەسەرەوەیە، بەڵام وەک سەرنج دەدەین بە ئەندێشەی قووڵی و سۆزی پڕ جۆشی نەتەوایەتی کورد (منداڵی هیوا)ی دوارۆژی کوردستان وەک نموونەیەک پەروەردە دەکات، نەک وەکو منداڵێکی ئاسایی کورد، واتا: بە ئەندێشە ئەدگار و خوو و ڕەوشتی ئەو منداڵە نموونەییە دەردەبڕێ تاکو ببێتە پیاوی دوارۆژ و دەوری خۆی لە مەیدانی ژیان و خەباتی نەتەوەکەیدا ببینێ، چونکە وا دیارە لە نموونەی پیاوەکانی سەردەمی خۆی نائومێد بووە کە ئەو کارە پڕ شەرەفمەندییە ئەنجام بدەن و دەیەوێ نەوەیەکی نوێ بێنێتە بەرهەم تا ئەرکی خەبات و پێشخستنی ژیانی دوارۆژی نەتەوەکەی پێ بسپێرێ، ئینجا بەو منداڵە نموونەییە دەڵێ:

**ڕۆژێ کە هاتوو تۆ پێگەیشتی**
**چاوت کردەوە لە ژین گەیشتی**
**ئەبینی ژیان کێوێکی بەرزە،**
**ڕێگەی خوار و ژوور بەترس و لەرزە**
**سەر ڕێگەت هەمووی دانەیە و داوە**
**نادان و دانا لەوا داماوە!!**
**تۆ دەبێ چرای زانستی هەڵکەی**
**دەستم داوێنت ڕێگا ون نەکەی**
**بیر و هۆشی خۆت بەکار بهێنە**
**ئەم دانە و داوە یەک یەک بپسێنە**
**تاکو دەرکەوێ لە هەموو دنیا**
**چەندیان کرد بمرێ کەچی کورد هەرما**

ئەم هۆنراوەیەی دڵدار زادەی سەردەمی ئیشکردنی بووە لە (حزبی هیوا)دا، چونکە حزبەکە، حزبی لاوان بووە، ئامانجی ئەوە بووە، بیری ژیاندنەوەی کورد و ڕاپەڕینی نەتەوەیی بەناو ڕۆڵەکانی گەلی کورددا بڵاوبکاتەوە، تاکو ئەو هەموو دانە و داوەی لەسەر ڕێی نەتەوەکەیەتی بپسێنێ و بەرەو ژیانێکی سەر بەرزیان ببات و بۆ هەموو عالەمیش دەربکەوێ کە کورد نەتەوەیەکە هەرگیز نامرێ و هەر دەمێنێ.

هۆنراوەکە لە بارەی ڕوخسارەوە ڕێکوپێکە و وشەکانی جوان و پەتین و دێڕە شیعرەکانیشی لەسەر کێشی ١٠ برگەیی (٥+٥) دارێژراون و بەکارهێنانی کێشی هیجائی کوردیش خاسیەتێکی شیعری ڕۆمانسی



نەتەوەییمانە و لە بارەی ناوەرۆکیشەوە، یەکێتی بابەتی تێدا ڕەچاوکراوە و زادەی ئەندێشەیەکی بە پیت و سۆزێکی نەتەوەیی بە هێزە، ئەمەشیان دیسان تایبەتمەندییەکی دیکەی شیعری ڕۆمانسییە.

**(٢) هۆنراوەکەی (گوڵی سوور)**

گوڵی سوور لە هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی دڵدارە، لەپاش هۆنراوە نایابەکەی (خەندەکەی بایی) کە دوایی دێینە سەری، بە نموونەیەکی یەکجار گەش و گوڵی شیعری ڕۆمانسی کوردی دادەنرێ. شاعیری هەست ناسکمان (گوڵی سوور) بە کچی نەورۆزی کورد دەچوێنێ و ئەفسووس بۆ ئەوە دەخوات کە دەستێکی نەفام و قەدر نەزان لەپێناوی یەک جار بۆنکردن بە ناکامی لە باخی ژیانی قرتاندووە و نەیهێشتووە بە تەواوی بپشکوێ و بۆن و بەرامەی خۆشی بەسەر سروشت و خەڵکدا پەخش بکات و دوای کەمێکیش بەژاکاوی فڕێی بداتە سەر ڕێگا و ببێتە پێپەستی خەڵک و بەم جۆرە شاعیری بەهرەدارمان کۆپلەی یەکەمی هۆنراوەکەیمان بۆ دادەڕێژێ:

**گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لە باخی ژین**
**لە بۆ یەک دەفعە بۆنکردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا؟**
**ئەویستاکەش بە ژاکاوی**
**وها بێ قەدر و تۆزاوی**
**لەسەر ڕێگا فڕێدراوی**

لە کۆپلەی دووەمی هۆنراوەکەشیدا ئەوەمان بەشێوەیەکی هونەری بۆ دەردەخات کە لە ئەنجامی ئەو دڵڕەقی و ئەو ستەمەی کە ئەو دەستە نەفام و نەزانە کردوویەتی، پەریزادەی بەیان لەرزیون و پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگیش گریاون! ئینجا شاعیر ئاوڕ لە خۆی دەداتەوە و دەڵێ: ئەی گوڵی ستەم لێکراو منیش دڵێکی پڕ ئاوات و ئارەزووم هەبوو، تێنووی حەز و خۆشەویستی بوو و بەم جۆرە هەستی سۆزی خۆیمان بۆ دەخاتەڕوو:

**لە جەور و زوڵمی ئەو دەستە پەریزادەی بەیان لەرزین**
**لە دەوری ئەم چڵەی لێی بووی پەپوولەی زەرد و سوور گریا**
**منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو**
**دڵێکی پڕ لە ئارەزوو**
**بە سۆزی ئاوی حەز تێنوو**

ئەو دڵەیشی لە پڕێک لێی دەفڕێ و دەچێتە لای کچێکی جوان و شیرین، بەڵام ئەمیش وەکو دەستە نەفام و قەدر نەزانەکەی ئەو گوڵە لەجیاتی ڕێزی لێ بنێ، چووە ڕیشەی لە دەست گرتووە و لەژێر پێی ناوە و دەڵێ:

**لەناکاو لام فڕی بۆ لای کچێکی دولبەر و شیرین**
**ئەویش ڕیشەی لەدەست گرت و بەبێ ڕەحمی لەژێر پێی نا**

لەکۆتاییدا شاعیر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ئەو دڵە بریندارە ئازار دراوە بە ڕوو زەردی و غەمگینی و نائومێدی لە دڵداری و عەشق گەڕاوەتەوە ناو سنگی تاریک و غەمباری شاعیر و لەدوا ڕاسپاردەیشی بۆ ئەو گوڵە غەمگینەی، پێشکێش کردنی دڵەکەیەتی تاکو لە تەنیاییدا بیکاتە سەرینی خۆی. بە ڕاستی شاعیری بەهرەدارمان داهێنانێکی جوانی لە هۆنراوەکەیدا خوڵقاندووە و لە بارەی پەشۆکاوی دڵەکەی خۆی بەم جۆرە دێڕە شیعرەکانی کۆتایی هۆنراوە ناسکەکەی دادەڕێژێ و دەڵێ:

**بە گریاوی و برینداری**
**بە ڕوو زەردی و غەمخواری**
**بەبێ ئومێد لە دڵداری**
**گەڕاوە سینەکەی تارم ئەویستاش ئەی گوڵی غەمگین،**
**لە تەنهایی سەرینت بێ، دەهانێ ئەم دڵە توخوا!!**

شاعیر لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕوونبێژیی ئەدەبیدا وەک لێکچوواندن و خوازە و میتافۆراوە زنجیرەیەک لە وێنەی شیعری بۆ کێشاوین و ئەمانەش بوون بە چەند تابلۆیەکی جوان و ڕازاوە وئاستی ناوەرۆکی هۆنراوە ڕۆمانسییەکەی بەرز کردۆتەوە و بەشێوەیەکی هونەریی دڵدار دڵە غەمگین و شکستەکەی خۆی پێشکێش بەو گوڵە ژاکاوە زۆر لێکراوە دەکات کەوا فڕێدراوەتە سەر ڕێگا تاکو بیکات بە سەرینی خۆی لەدوا هەناسەی ژیانی هەڵوەریویدا.

**(٣) خەندەکەی بایی**

هۆنراوە نایابەکەی (خەندەکەی بایی) شاعیرمان بەرهەمی سەردەمی ژیانی خوێندنی بووە لە کۆلێجی حقووق لە شاری بەغدا و کاتی دانانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٤٤-١٩٤٥) و (ئەم پارچە



شــیــعــرەی دڵدار لە ڕووی دارشتن و دەست پێکردن و نەخشاندنی و وێنەی دڵگیری و تابلۆی پڕ لە هەستی و دەربڕینی تاسەی شاعیرییانەی و تەڕ و پاراویی زمان و لێکچوواندنی چێژداری و دەنگ و مۆسیقا و ڕەنگ و بەراورد و هەوێن و هونەرە وردەکانی دیکەی شیعرەوە، پارچە شیعرێکی ڕۆمانسییانەی تەڕ و بڕ و باڵایە).«٨»

ئەم هۆنراوەیە (٧) تابلۆی شــیــعــری لەخــۆ گــرتووە، هەریەکەشیـان دەبێـتە سەرەتایەک بۆ ئەوەکەی بەدوایدا دێ و شاعیر ئەلبوومێکی نایابی شیعری پڕ لە وزەی هونەریمان دەخاتە بەرچاو و ئێمەش لێرەدا بەتابلۆکانیدا دێینە خوار و کەمێک تیشکی سەرنج و شیکردنەوەیان دەخەینە سەر:

**تابلۆی یەکەم:** تابلۆی یەکەمی هۆنراوە ڕۆمانسییەکەی شاعیر بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**لە ئاقاقی ژیانی نائومێدیم خەندەکەی بایی**
**فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم**
**پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی**
**بە سۆزێ هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم**
**دەسا دەی مەسدەری هەستی**
**دەخێرا لابەری پەستی**
**وەرە تا من بەڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم!**

ســەرچاوەی ســرووشی ئەم هۆنراوەیەی (خــەنــدەکــەی بایی)ی دڵداری شاعیری ڕۆمانسی ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابوردووە، وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبەکەی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا نووسیویەتی خــاتوو (بەهیــە فــەرەجــوڵڵا زەکی کــوردی) بووە، ئەو خاتوونە کوردە میسر نشینەی لەو سەردەمەدا هاتبووە بەغدا و کرابووە مامۆستای ئامۆژگای کچان لەو شارەدا و لەگەڵ دایکی لە ئەعزەمیەدا دەژیان و ماڵەکەی کردبووە ساڵۆنی ئەدەبی بۆ ڕووناکبیرە کوردەکانی بەغدا، دوو لەوانە دڵدار و کــاک مەسعوود محــەمەد بوون ئەو کــچە زۆر جــوان و پاک و دەم بە پێکەنین بوو، حــەزی بە دەمــەتەقــێی ئەدەبی و فــەلســەفی دەهات. دڵدار بە ئیلهامی خەندە ناسکەکەی ئەو کچە شۆخە هۆنراوەکەی داناوە«٩».

هەر ئەو خــــەنــدەیەی خــــاتوو بەهیــــەش بووەتە سەرچاوەیەک بۆ هاتنی پریشکی تیشکی ئەستێرەی گەشی شەوی دەیجوور بۆ ناو دڵی پەست و تاریکی. ئینجا شاعیر بانگی ئەو سەرچاوەیەی هەستی دەکات تاکــو بە ڕازی ئەو، نەمــامی خــۆشی و شادی بڕوێنێ و بەم جۆرە دڵدار (لەوێنەی ئاسۆی بێ هیــوایی و کــونجی دڵی تاریک و ســەرچاوەی هەســتی و نەمــامی شــادی.. تەواوی تابلۆی هەست و مەبەستی شاعیرانەی دەکێشێ«١٠»).

**تــابــلــۆی دووەم:** شــاعیــری هەست ناسک و ئەندێشە قــوڵمــان بەم چەشنە تابلۆی دووەمی هۆنراوەکــەیمان بۆ دەکێشێ:

**جوانی غونچەیێ بوو وا کە پەنجەی ڕازی ڕاکێشای**
**دە ســەیری چەند بەوەصــڵی زوڵفی خــاوت شــاد و مەسرووره**
**لە ڕووی ڕاستی ئەتۆش وەک ئەو گوڵێکی چیمــەنی دنیای**
**کەچی تاجی دڵی، هێشتا دڵت لەم حاڵە ڕەنجوورە**
**بە خەندەی نەرمی دڵپاکیت**
**ئەخۆم سوێندێ بە ڕووناکیت**
**ئەگەر هەستێ بژین وابێ لە جەرگی ڕاستیا دوورە**

ئەم تابلۆیە خــۆی لە دەربڕینی جــوانی لەشــێــوەی غونچەیەکدا کە پەنجەی ڕازی ئەو کچە شۆخەی ڕاکێشاوە دەنوێنێ و ئەوەمــان بۆ دەخــاتەڕوو کــە ئەو غــونچــەیە بە گەیشتنی بە زوڵفە خاوەکەی چەندە شاد و خۆشبەختە! لە کۆتایی تابلۆکەشدا شاعیر سوێند بە زەردەخەنەی نەرمی دڵپاکی و بە ڕووناکی جوانیی یارەکەی دەخوات و لای وایە ئەگەر هەستکردن بە ژیان ئاوابێ و ئەو هەر پەست و مەلوول بێ، ئەوا لە ڕاستییەوە گەلێک دوورە.

**تابلۆی ســێــیــەم:** دوای ئەم دوو تابلۆیەی دەســپــێــکی هۆنراوەکــەی شاعیــر لە تابلۆی ســێــیــەمیــدا جوانتــرین داهێنان لەشیعری ڕۆمانسی کوردیدا دەخوڵقێنێ و داوا لە خۆشەویستەکەی خۆی دەکات، تاکو هەستێ بەیەکەوە پەرستگای دڵداریی بنیاد بنێن و دەڵێ:

**دە هەڵسە با بیناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری**
**لە تیــشکی ڕۆژ، لە شــەوقی مــانگ لە ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە**
**کە هەر کامەی بڵێی پاکە لە کردەی قودرەتی باری**
**نیشانەی کردگارێکە و بناغەی پەیڕەوی دینە!**
**لە شوێنێ پڕ لە هەستی بێ**
**کەرەستەی خۆشەویستی بێ**

**لەنێو ئەو باغە بێ جێگەی، کە تۆم لێدیت لە هاوینا**

شاعیر دەیەوێ ئەو پەرستگایەی دڵداری لە تیشکی خۆر و لە تریفەی مانگە شەو و لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دروست بکەن و شوێنەکەیشی لەناو ئەو باخەدا بێ کە لە وەرزی هاویندا چاوی بە یارەکەی کەوتووە! ئایا چ کەرەستەیەک بۆ بنیاتنانی پەرستگای دڵداری و خۆشەویستی لەو کەرەستانەی ناوی هێناون جوانتر و گەش و گۆڵتر هەنە؟ کە هەموویان دەسکردی قودرەتی خودای پەروەردگارن!!

**تابلۆی چوارەم:** دڵداری شاعیری ئەندێشە قووڵی هەست ناسک لە وێنەکێشانی تابلۆی چوارەمی هۆنراوەکەیدا، دێتە سەر ڕازاندنەوەی یارە خۆشەویستە شۆخەکەی بە جوانترین شێوە و بەم چەشنە دەمان خاتە بەرچاو:

**لە پەلکی تازە پشکووتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین**
**کراسێکی سپی بێگەرد دروستکە شەنگ و دامەن شۆڕ**
**لە بەرکە و زوڵفی زێڕینت بەسەریا بێتەخوار چین چین**
**پەری تیم تیم بە ڕاز و ناز، لەبۆت بێنن بنەوشەی مۆر**
**بە ئاواز و نەوای تەبجیل**
**بهۆنن پێچەکەی ئیکلیل!**
**بیەن کڕنووش، بڵێن: ئەی شۆخ پەریزادەی گزنگی خۆر!!**

شاعیری ڕۆمانسیمان دەمێک یارە شۆخە نازدارەکەی وەک کچێکی ئادەمیزاد دەردەخات و کراسێکی لە (گەڵای تازە پشکووتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین)ی بۆ دەستنیشان دەکات هەتا وەکو بووکی پەردە لە بەری بکات و، دەمێکیش دەیباتە ڕیزی فریشتە و حۆری بەهەشت، تاکو پەرییەکانی ئاسمان دەستە بەدەستە بێنە سەردانی و ئیکلیلی شای جوانی بۆ بهۆننەوە و کڕنووشی بۆ ببەن و بیکەنە پەریزادەی تیشکی خۆر!! بە ڕاستی ئەمە بیر و ئەندێشەیەکی قووڵ و دەربڕینێکی یەکجار جوان و ناسکە خۆی لەناو شیعری ڕۆمانسی کوردیدا دەرخستووە.

**تابلۆی پێنجەم:** لەم تابلۆیەیدا شاعیر تاجەگوڵێنە (ئیکلیل)ی دڵسۆزی و دڵارامی پێشکێش بە خۆشەویستەکەی دەکات و بەم جۆرە دەمانخاتە بەرچاو:

**ئەوا ئیکلیلی دڵسۆزی و دڵارامیت ئەکەین پێشکێش**



**کە هەر چەپکەی خەم و ملکەچ**
**سروشتی نەوجەوانێکە**
**نیگارێ بوو، بەناکامی، بە گریاوی، بەئێش و نێش**
**لەژێن ڕۆیی ئەوێستاکە هەوێنی داستانێکە!**
**بە یادی ئەو دڵەی تێنوو**
**کە چۆن هات و وەهاش دەرچوو**
**برۆ ناو ئابیدە و سەیری چ پیرۆز جاویدانێکە!!**

شاعیر دوای دروستکردنی پەرستگای دڵداری و دروستکردنی کراسێک بۆ خۆشەویستە شۆخەکەی لە پەلکی تازە پشکووتووی گوڵی نەسرینی سپی کە ڕەمزی پاکی و بێگەردییە، دێتە سەر هۆنینەوەی ئیکلیلی دڵسۆزی و دڵارامی لە چەپکە گوڵی دروستکراو و پێشکێش بە یارە شۆخەکەی دەکات و بە بیرێکی قووڵی فەلسەفییانەوە لەچەپکە گوڵە ملکەچکان دەدوێ، بەوەی کە هەریەکێکیان ڕۆژێک لە ڕۆژانی ڕابوردوودا جەستەی نەوجەوانێکی لاو و ئافرەتێکی نازدار بووە و بە ناکامی و بە فرمێسکی گریانەوە و بە ئێش و ئازارەوە لە جیهانی ژیان دەرچوون و ئێستا لەسەر شێوەی گوڵی جۆراوجۆر ڕواون و بوونەتە هەوێنی داستانێکی سەر سوڕمێن. ئینجا شاعیر ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات تاکو بە یادی ئەو دڵە تێنووانەی کە هاتن و چوون، گورج بێتە نێو پەرستگا پیرۆزەکەی.

بە ڕاستی شاعیری بەهرەداری ئەندێشە قووڵمان هونەرمەندانە جوانی سروشتی تێکەڵ بە جوانی ئافرەت کردووە و بە بیری فەلسەفەی ژیان و مردنی ئادەمیزادی بەستووەتەوە، تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی سەرکەوتووانەی پێشکێش کردووین.

**تابلۆی شەشەم:** شاعیر داهێنانەکانی لە شیعری ڕۆمانسیدا لەنێو ئەم تابلۆیەیدا خەست دەکاتەوە و زۆر هونەرمەندانە پێشکێشمان دەکات:

**وەرە نێو ئابیدەت تا من لەبەر پێتدا بدەم ئەژنۆ**
**لەبەر وەی نا دڵارامی، لەبەر وەی چونکە باڵایی**
**خودای شیعر و پەری هیوای بڵێسەی هەستی بەرزی تۆ**
**هەواڵی هاوڕەگ و خوێنی فرشتەی شۆخی میدیایی**
**لە ڕووی چاکە و وەفادارییی**
**بە یادی جامی دڵدارییی**
**لە مەستی خۆشیی بهێڵێ، دروشمی خەندەکەی بایی!**

شاعیری بەهرەدارمان هۆنراوە ناسکەکەی بە جوانترین



تابلۆی شیعریی کۆتایی پێدێنێ، بەوەی کە داوا لە یارە خۆشەویستە دڵارامەکەی دەکات تاکو بێتە ناو ئەو پەرستگایەی کە بۆی دروستکراوە، خۆیشی ئەژنۆی پەرستنی بۆ دابدات و کڕنووشی بۆ ببات! چونکە ئەوەندە باڵایە، تا بووەتە خوداوەندی شیعر و پەریی هیوا و ئاوات و هاوڕێی هاوڕەگ و خوێنی و فریشتەیەکی میدیایی!

لێرەدا دڵدار بۆ بەهێزکردنی چەمکی هۆنراوەکەی پەنای بردۆتە بەر ئەفسانەی یۆنانی و دێ بەرگێکی کوردی لەبەردەکات و یارە جوان و شرینەکەی دەکاتە حۆری و فریشتەی بە نەتەوە میدیایی، واتە: کورد دروستکردنە، ڕاستە حۆری و فریشتە نەتەوەیان نییە، بەڵام بۆ ئەوەی دڵدار نەتەوەکەی خۆی ئەوەندە بەرز بکاتەوە و بیگەیەنێتە (موتڵەق)ی حۆری و فریشتە، خۆشەویستەکەی دەکاتە میدیایی«١١» و میدیاش باپیرە گەورەی کوردی ئێستایە.

شاعیری ڕووناکبیرمان بە تێکەڵاوکردنی مێژووی ڕابوردووی کورد بە ئەفسانە و کەلەپوورە نەتەوایەتییەکەی، جۆرە قووڵییەکی سایکۆلۆژی و هێز و وزەیەکی تەواوی بە تابلۆکانی هۆنراوەکەی داوە و ئاواتەخواز بووە ئەو یارە نازدارە خۆشەویستەی لە ڕووی وەفاداری و بە یادی نۆشینی جامی شەرابی دڵداریی بە خەندەکەی بایی لەنێو دنیای مەستی و شادیدا بەجێی بهێڵێ.

لێرەدا لە هەڵسەنگاندنی تابلۆ شیعرییەکانی ئەم هۆنراوە نایابەی شاعیرماندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە عەشقی ئافرەتێکی شۆخی کورد بووەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەم هۆنراوەیەی، بۆیە تاقیکردنەوە ئەدەبییەکەی ئەوەندە جوان و سەرکەوتووە، دڵداری بردۆتە ڕیزی پێشەوەی شاعیرە ڕۆمانسییەکانی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، و تاکو ئەم هۆنراوانەی (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) و (منداڵی هیوا) و (ئەی ڕەقیب) بەسەر زاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە بن، ناوی دڵداری شاعیر و نیشتمانپەروەر هەر بە زیندوویی لەناو دڵ و ویژدانی نەتەوەی کورددا دەمێنێتەوە و هەرگیز نامرێ.

## دڵدار و شیعری ڕیالیزمی

دڵدار لەسەردەمی خەباتی نەتەوایەتی لەنێو ڕیزەکانی حزبی هیوا وەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە سیاسییە قۆناغی شیعری کلاسیکی بەزاند و بەرەو قۆناغی ڕۆمانسی و ڕیالیزمی چوو، باشترین نموونەی لە شیعری ڕیالیزمی ڕەخنەگری، شیعری سرووده نیشتمانییەکەی (ئەی ڕەقیب) بوو. لە ساڵی (١٩٤٠)دا لە شاری کەرکووک داینا و لەدواییدا لەسەردەمی کۆماری دیموکراتیی مەهاباد لە (١٩٤٦)دا ئاوازی بۆ دانرا و بووە سروودی مارسلیزی کورد و دەقەکەیشی وەک لە دەسنووسەکەی شاعیر بە خەتی خۆی تۆمار کراوە دێڕەکانی دەستپێکی دەخەینە ڕوو:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان!!**
**ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین**
**سەیریکە خوێناوییە ڕابوردوومان**
**ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**
**دینمان، ئاینمانە نیشتمان!**
**کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان!**

شیعرەکە لە ڕووی هەست و سۆز و دەربڕینی واقیعی پڕ کارەساتی نەتەوەی کورد، چوەتە نێو چوارچێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگری و پەردەیەکی تەنکی لە سیمای ڕومانسیەتیشی پێوە دیارە و شاعیر لە تازەکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە دەورێکی دیار و بەرچاوی بووە.

دوای ئەو هەڵچوونە نەتەوەیییەی کوردی سەردەمی کۆماری مەهاباد بەپێی گۆڕانی هەڵوێستی سیاسی دڵدار خۆی، گۆڕانێکی سەرەکی بەسەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و ئەدەبیدا هات، بە تایبەتی لەدوای دەرچوونی لە کۆلێجی حقووق لە ساڵی (١٩٤٥)دا کە خووی دابووە خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی و زانستی و ئەدەبی نوێی گەلان.

حەزی دەکرد لە هەموو زانست و فەلسەفەیەکدا زانیارییەکی تەواوی هەبێ، بۆیە دڵدار (لەو ڕۆشنبیرانە بوو کە خۆیان خۆیانیان فێر دەکرد و پێدەگەیاند، چونکە لەو سەردەمەدا دامودەزگای ئەدەبی لە وڵاتدا نەبوو، پیشەی پارێزەریش هۆیەکی گەورەبوو کە بچێتە ناو بنج و بناوانی ژیانی هەژارانەوە«١٢»).

## دڵدار و شیعری چینایەتی

دڵداری شاعیری هەست ناسک، دوای ئەو



گۆڕانکارییەی کە بەسەر هەلۆیستی سیاسیدا هات و ڕێبازێکی چەپی گرتەبەر، مەیدانی شیعر دانانیشی گۆڕا و خۆی بە بەرژەوەندیی چینی کارگەر و زەحمەتکێش بەستەوە و لە کوردستانی ئەوساکەش نزیکترین نموونەی زەحمەتکێش و چەوساوە، ئەو جووتیارە هەژار و کلۆڵانە بوون کە بەدەستی ئاغای دەرەبەگ و سەرمایەداری ناو بازاڕ دەچەوسێنرانەوە، بۆیە دڵدار ڕووی کردە ئەو مەیدانەی ململانێی چینایەتی نێوان جووتیار و ئاغا و وەک شاعیرێکی ڕیالیست کەوتە وێنەکێشانی دیمەنی ژیانی ئەو چەوساوانە بە بێ زیاد و کەم.

هەرچەندە ئەم جۆرە شیعرانە کارێکی نوێ بوون لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکەین پتر واقیعێکی فۆتۆگرافی ژیانی جووتیاری چەوساوەی دەربڕیوە و تێکەڵاویشی کردووە بە هەست و سۆزی ناسکی خۆی، بەڵام هێشتاش دەڵێین دەبوایە بە ئەندێشە وردەکەی پتر قووڵی کردبایەوە، چونکە هەندێ ئەدیبی گەورەی جیهانی وەک مەکسیم گۆرکی ڕووسی و جۆمۆکۆی چینی سوورن لەسەر ئەو ڕایەی کە دەبێ نووسەر و شاعیری گەورە ڕۆمانسییەت و ڕیالیزم لە بەرهەمەکەیدا کۆبکاتەوە، تاکو بەرهەمێکی بەهێز و پتەویان لێ بخولقێنێ«١٣». کەچی دەبینین دڵدار لە هۆنراوە، ڕیالیستەکانیدا. تەنیا جۆری فۆتۆگرافی تێکەڵاو بە هەست و بەزەیی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، هەروەک لە هۆنراوەکەی (لالەباس)دا کردوویەتی و وێنەی جووتیارێکی کلۆڵی ڕووت و ڕەجاڵی پیر و تێکشکاوی بۆ کێشاوین:

**ڕۆژێکی پایز لە پاش نیوەڕۆ**
**لالە باسم دی زەوی ئەدا تۆ**
**ڕووت و زگ والا، پیر و تێکشکاو**
**پشتی چەما بوو، لووت لەسەر ئەژنۆ**
**گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو**
**دەنگی نووسا بوو بەهێ هێ و هۆ هۆ**

دوای ئەو وێنەکێشانەی ئەدگاری (لالەباس)ی پیری چەوساوەی تێکشکاوە شاعیر دێتە سەر باسی زوڵم و زۆرداریی ئاغا، کە لە ڕێگای کوێخاکەیەوە لەو جووتیارە هەژارە کلۆڵە کراوە و شاعیر وتەکانی لالۆی بەلەنگاز بەم جۆرە دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

**وتی: لە هاوین کوێخا کاکەسوور**
**هاتە ماڵەوە پێی وتم: لالۆ**
**شایەدی بدە [زەوی زێڕین دۆڵ]**
**کەوا هی منە و قورئانیش بخۆ**
**وتم: کاکەسوور بەم سەر و ڕیشە**
**ئۆباڵی خەڵقی ناخەمە ئەستۆ**
**وتی: هەروەها بەسەری ئاغا**
**ئەتکەمە پۆڕی بەر چەنگی هەڵۆ**
**بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم**
**ماڵیان دامە بەر شێلنگی بڕنۆ**
**سێ مانگام هەبوو بە تالآنی برد**
**منالی هێشتم بەبێ ماست و دۆ**

بەم جۆرە دڵداری شاعیری ڕێبازی ڕیالیزم زۆر بە وردی و وەستایانە هەموو دیمەنێکی ئەو کارەساتە تراژیدیاییە دەردەبڕێ و هەموو زوڵم و زۆریی ئاغای دەرەبەگ بۆ میللەت دەردەخات و ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەنجام و پاداشتی ئەو ئەرک و ماندووبوونەی (لالە)ی جووتیاری زەحمەتکێش تەنیا پاروە نانێکی جۆ بووە بەبێ هیچ پێخۆرێک و لەسەر شیعرەکەی دەڕوات:

**ئەوا چل ساڵە زەوی دەکێڵم**
**فەلاحی دەکەم هەتاکو ئەمڕۆ**
**نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندوویيم**
**تیکە نانێکە چ نان نانە جۆ!**
**ئەویش بەبێ دۆ!**

ئەم هۆنراوەیەی دڵدار چیرۆکە شیعرێکە و واقیعی ژیانی جووتیارێکی ڕەنجدەری زۆر لێکراومان بۆ دەکێشێ، بەبێ ئەوەی شاعیر هەوڵی دابێ شۆڕبێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی مەسەلەکەی ئەو هەژارە چەوساوەیە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتی چەوساندنەوەکە بۆ ئەو کلۆڵە دەستنیشان بکات و ڕێگای ڕزگاربوونی بۆ بدۆزێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە شوێنێکی هۆنراوەکەیدا هەست بەو شۆڕبوونەوەیە دەکەین و شاعیر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە تارادەیەک چارەسەری کردووە و ئەویش لەم تاکە دێڕە شیعرەیدا خۆی دەنوێنێ کە لە ئاگری نێو دڵی و دووچاوەکانی ئەو کلۆڵەدا دەیبینی و دەڵێ:

**ئاگری دڵی لە هەردوو چاوی**
**بلێسەی ئەدا وەک جووتێ پشکۆ!**

دڵدار لەو جۆرە شیعرە چینایەتییانەی نموونەیەکی



دیکەیشی هەیە، ئەویش بە ناوی (تووتنەوان)ە، ئەم نموونەیەیشی وەک نموونەکەی (لالەباس) وێنە کێشانی دیمەنەکانی دەرەوەی ژیان و گوزەرانی کرێکارێکی کشتوکاڵییە، کە بووەتە (تووتنەوان) لەلای کوێخایەکی وەکیلی ئاغا و بازرگانی پارەداری ناو شار و ئەو کوێخایەش بۆ بەرژەوەندیی خۆی و ئاغاکانی، ئەو تووتنەوانە زەحمەتکێشەی چەوساندۆتەوە، بەبێ ئەوەی شاعیرمان ترووسکەیەک لە ڕووناکی چارەکردنی کێشەی ئەو کلۆڵە دەرببڕێ، تا ئەو چەوساوەیە و هاودەردەکانی چی بکەن باشە بۆ ڕزگاربوونیان لەو ڕەنجمژینە؟!

دەبینین شاعیر تەنیا واقیعێکی فۆتۆگرافی تووتنەوانەکەی بۆ دەربڕیوین (کە بەوپەڕی کەساسی و پەڕپووتی، دیمەنی (عەولا)ی تووتنەوانمان بۆ دەکێشێ، ئەو تووتنەوانەی کە لەبەر ئیشی گران و سەخت ژیانی لێ تاریک بووە)«١٤».

بەم شێوەیە ئادگاری ئەو کلۆڵەمان دێنێتە بەرچاو:

**زەرد و بێ هێز و لاواز و نەخۆش**
**ماڵ وێران پەڕپووت بەدەم لەرز و تا!**

دڵداری شاعیری واقیعیمان دێتە سەر وێنەکێشانی جێگە و ماڵ و پێویستییەکانی ژیانی ئەو هەژارە چەوساوەیە کە لە کەپرێکی شڕ و وڕدا لە دەشتێکی چۆلدا دەژی گوایا ماڵێکی پێکەوە ناوە و بەناو کابرا دەژی!!

**کەپرێکی دارگەز، نارێک دامەزراو**
**بە پووش و گەڵای چروو سەرگیراو**
**بۆ پارێزگاری خۆرە تاو و تۆز**
**بە چیخێکی شڕ سێ دەورەی دراو**
**ناو ماڵی ئاودێر هەرزاڵەیێ چووک**
***   *   ***
**سێڵێکی تەنک، خوانەیێ بچووک**
**لەو لاش مەنجەڵێک سەرنخوون کراو**
**دوو لێفی شڕی چڵکنی کون کون**
**سێ پیاڵەی چاو و قۆریەکی شکاو**

ئەم هۆنراوە درێژەی دڵدار کە خۆی لە چیرۆکە شیعردا دەدۆزێتەوە حەوت بەندە و هەموو بەندەکانیشی لەسەر کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥)ن، بەڵام هەر بەندەی لەسەر جۆر سەروایەک دەڕوات و شاعیر خۆی وەکو چاودێرێکی سەرنج تیژ ژیان و گوزەرانی ئەو تووتنەوانە

کە نموونەی هەموو تووتنەوانێکی کلۆڵی کوردە و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کوێخای وەکیلی ئاغاو بازرگانە پارەدارەکانی شار دەردەخات، بەبێ ئەوەی وەک هۆنراوەکەی (لالە باس)، شاعیری ڕووناکبیری پێشکەوتنخوازمان وتووێژ و دەمەتەقێی خۆی تێکەڵ بە گفتوگۆی (تووتنەوان)ی هەژاری چەوساوە و کوێخای فێڵبازی ڕەنجمژ بکات و گیانێکی شانۆیی و جموجۆڵێک ئاوێتەی ئەو شیعرانەی بکات)«١٥»، ئەگەر شاعیرمان بەشداریشی لە دەمەتەقێی کوێخا و تووتنەوانی هەژاردا نەکردبێ، ئەوەندە هەیە زۆر وەستایانە دەستی لەسەر لایەنی چەوساندنەوە و زۆرلێکراوی ئەو تووتنەوانە کلۆڵە داناوە، هەروەک کامیرایەکی تەلەفزیۆنی لەدەست بووبێ، باری ژیانی ئەو هەژارە بێ دەرەتانە و ڕەوشتی کوێخای چەوسێنەری فێڵبازی بە جوانی کێشاوە و بەباشی پیشانی خەڵکەکەی داوە و لەسەر زاری کابرای تووتنەوانی چەوساوە کە ناوی (عەولا) بووە دەڵێ:

**ئینسافت هەبێ، سەیری حاڵم کە**
**ڕەوشتت چۆنە؟ چۆن منت هێنا**
**هەتا ئیقناعت کردم بە ئاودێر**
**خۆت کردە نۆکەر، من بووم بە ئاغا**
**کە هاتم زگم کەوتە سەر زەوی**
**تووتنم چاند و ڕەنجی شانم دا**
**ئەڵێم دار بکڕە، ئەڵێم داو بکڕە**
**ئەڵێم: برسیمە، ئەڵێی پارە کوا؟**
**من بەبێ پارە و منداڵم برسی**
**لەکوێ قورێێنم بیکەم بەسەرما؟!**

ئینجا دڵداری شاعیری ڕیالیست زۆر وەستایانە ئەو دیمەنە وردانە دەردەبڕێ کە چۆن مەلای میرزای کوێخا بە خەتە شڕ و ناشیرینەکەی حسێبی خوارداشتی بۆ مام (عەولا)ی تووتنەوانی هەژار بە فەرمانی کوێخاکەی لە دەفتەرێکی پەڕپووتی پڕ فڕۆفێڵدا تۆمارکردووە:

**مەلا دەفتەری لە باغەڵ دەر کرد**
**دەفتەر چ دەفتەر؟ پەڕپووت و گەچلاو**
**ئەرقامی زل زل، خەتی خوار و خێچ**
**ئیملا فارسی بە کوردی نووسراو!**
**نەمدی پەرێکی بێ فێڵ نووسرابێ**
**نەمدی وشەیەک ساغ و نەڕنراو!!**

کە مەلای میرزای کوێخا دەکەوێتە سەر حیساب



خوێندنەوەی عەولای کلۆل، دلدار ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چ حیسابێکە و چ ڕەنجمژێنێکە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە و بەم جۆرە شاعیری واقیعیمان ئەو چەشنە پێوەندییە گەندەڵەی نێوان ڕەنجدەر و ڕەنجمژ لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا بە ڕوونی ئاشکرا دەکات و ئەوەی جێی داخە مردنی ناوەختی دلداری شاعیری جوانە مەرگمان لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا ماوەی نەدا ئەم چیرۆکە شیعرە واقیعییە تەواو بکات.

**سەرەنجام**

دلدار شاعیرێکی ڕووناکبیری لێهاتووی کورد بوو، تەمەنی شاعیریی تەنیا (١٣) ساڵ بوو لە (١٩٣٥)ەوە دەستی پێکرد کە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی هەولێر بوو و لە ساڵی (١٩٤٨)یشدا بە مەرگی ناوادەی کۆتایی هات. لەو ماوە کورتەی ژیانیدا هەر سێ قۆناغی شیعری کلاسیکی و ڕۆمانسی و ڕیالیزمی تێپەڕی و لە ساڵی (١٩٤٠)دا هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)ی دانا کە جارێ قوتابی ئامادەیی بوو لە کەرکوک و هەنگاوێکی باش هاتە نێو دنیای شیعری ڕیالیزمی ڕەخنەگری نەتەوەیی بەهەست و سۆزی ڕۆمانسییەت ئاودراو، لە سەردەمی ئیشکردنی لە (حزبی هیوا) وەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە سیاسیەی کورد هۆنراوەی ڕۆمانسی وەک (منداڵی هیوا) و (گوڵی سوور) و (خەندەکەی بایی) داناو توانی لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا لە هۆنراوەکەی (خەندەکەی بایی) شیعری ڕۆمانسی کوردی بگەیەنێتە ترۆپکی گەیین و سەرکەوتن و بەڕای من دلداری شاعیر پتر لەناو هۆنراوە ڕۆمانسییەکانیدا دەدۆزرێتەوە نەک لەناو هۆنراوە واقیعیەکانی، کە لەو دوو ساڵەی دوا دوای ژیانیدا دەستی دابووە ئەو جۆرە شیعرە ڕیالیزمییانەی بەتایبەتی شیعری چینایەتی لەسەر ژیانی پڕ ئەشکەنجە و ڕەنجمژینی (جووتیار) و (تووتنەوان)ی کوردستان و مەسەلەی ڕەنجدەر و ڕەنجمژیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری ورووژاند و خەڵکی چەوساوەی لەو دیاردە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئاگادار کردووە و لە ناوەڕۆکدا بابەتی پتەوی خستەڕوو، بەڵام لە ڕووی هونەری شیعرەوە نەیگەیاندنە شیعرە ڕۆمانسییەکانی کە بەبێ سێ و دوو لێکردن بە شیعری بەرزی هاوچەرخی کوردی لە قەڵەم دەدرێن.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


١- کەریم شارەزا- کۆیە و شاعیرانی- بەغدا- چ (النجوم)- (١٩٦١)، ل«١٥».

٢- عەبدولخالق عەلائەدین- دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- بەغدا (١٩٨٥).

٣- د. مارف خەزنەدار- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ژمارە (٢٠-٢١) بەغدا، (١٩٧٥)، ل«٩».

٤- هەموو دەقی شیعرەکانی دلدار لە کتێبەکەی (دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) نووسینی (عەبدولخالق عەلائەدین) بەغدا (١٩٨٥)، وەرگیراون.

٥- عەزیز گەردی- گۆڤاری هەولێر- ژمارە (٤، ٥) هەولێر (١٩٧١)، ل«٢٠».

٦- هەمان سەرچاوە، ل«٢٣»

٧- مارف خەزنەدار- پێشەکی دیوانی (ڕازی تەنیایی)ی ئەحمەد هەردی- بەغدا (١٩٥٧).

٨- کاکەی فەللاح- کاروانی شیعری نوێی کوردی- بەغدا(١٩٧٨)، ل١١٠.

٩- مەسعوود محەمەد- چەپکێک لە گولزاری نالی- بەغدا (١٩٧٦)، ل«١٩٨، ١٩٩».

١٠- کاکەی فەللاح- هەمان سەرچاوە، ل«١١١».

١١- د. مارف خەزنەدار- لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە- بەغدا (١٩٨٤)، ل«٧٥».

١٢- د. مارف خەزنەدار- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات- ژمارە (٢٠-٢١) بەغدا (١٩٧٧)، ل«٩-١٠».

١٣- د. محمد مندور- کتاب فن الشعر- القاهرة- ص«٥٤».

١٤- عەزیز گەردی- گۆڤاری هەولێر ژمارە (٤، ٥) ساڵی (١٩٧١)، ل«٢٦».

١٥- کاکەی فەللاح- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.